# چەواشەکردنی خەڵکی کورد لە پای چی؟

## ئەمجەد شاکەلی

**ئەم هەواڵەی خوارەوە لە پەیامنێردا بڵاوکراوەتەوە و من بێ هیچ دەسکاری و گۆڕانێک، ڕێک وەک خۆی دەیخەمە پێش چاوی ئێوەی هێژا:**

"سەرۆکی ئەمریکا لە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزدا ناوی کوردی نەهێنا

کاتژمێر 11:53 Peyamner- 17- Mars- 2005

– فرانس پرێس– (جۆرج بووش)ی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوێنێ چوارشەممە بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزبایی خۆی بۆ ئێرانییەکان و سەرجەمی ئەو نەتەوانە نارد کە نەورۆز بە جەژنی نەتەوەیی خۆیان دەزانن. سەرۆکی ئەمریکا لەو بەیاننامەیەدا کە بەو بۆنەیەوە رایگەیاندووە، دەڵێت "نەورۆز مانای هاتنی ساڵی نوێ و ئاهەنگگێڕانە بۆ ژیان، ئەو جەژنە لە کۆنەوە بۆنەیەکە بۆ کات بەسەربردن لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان و چێژوەرگرتن لە جوانیی سروشت". هەروەها دەڵێت "زۆرێك لە ئەمریکییە بە رەگەز عێراقی و ئێرانی و ئەفغانی و پاکستانی و ئازەربێجانی و تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا بۆ پاراستنی کەلەپووری دەوڵەمەندی خۆیان و دووپاتکردنەوەی بەها و نەریتەکانی خۆیان لەو بۆنەیەدا ئاهەنگ دەگێڕن". بەیاننامەکە تەنیا ناوی ئەو وڵاتانەی هێناوە کە جەژنی نەورۆزیان تێدا دەکرێتەوە ."

**ئەم هەواڵە"سەرۆکی ئەمریکا لە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزدا ناوی کوردی نەهێنا"، بەڵام بە گۆڕدراوی و دەستکاری و ڕێک بە پێچەوانەوە، وەک هەواڵێکی زۆر گرنگ و یەکەم هەواڵ، لە هەواڵەکانی "کوردستان تیڤی"دا، کە خوێنرایەوە و لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا کە بڵاوکرایەوە[1]، کرابوو بەوەی، کە "سەرۆکی ئەمەریکا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد دەکات". ئەوەی تەماشای دەقی ئەو هەواڵەی پەیامنێر بکات دەبینێت، کە جۆرج بووش، وشەی کوردی بە زاردا نەهاتووە و لە کوولەکەی تەڕیشدا نێوی کوردی نەبردووە. بە پێچەوانەوە نێوی ئێرانییەکان و ئەو نەتەوانەی بردووە ، کە نەورۆز بە جەژنی**

[1] **هەواڵەکانی کەناڵی کوردستان تیڤی ڕۆژی** 2005/3/17 **و خەبات، ژمارە** 1740**، هەینی** 2005/3/18.

نەتەوەیی خۆیان دەزانن. ڕاستە کورد یەکێکە لەو نەتەوانە، لێ بووش نەیگوتووە کورد. لە جێگەیەکەی دیکەشدا بووش، نێوی عیراقی، ئێرانی، ئەفغانی، پاکستانی، ئازەربایجانی و تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیای بردووە. هاوڕێیانی کوردستان تیڤی و ڕۆژنامەی خەبات، وشەگەلی "عیراقی" و" ئێرانی"یان، لێ بووە بە کورد و پێیانوایە بووش نێوی کوردی بردووە و بەوەش شاگەشکە گرتوونی و کۆلێک خۆشحاڵ بوون. ئەگەر عیراقی و ئێرانی، بە لای کوردستان تیڤی و ڕۆژنامەی خەباتەوە، واتای کورد بگەیەنن، ئەوا زۆر شاشن و خراپ لە مەسەلەکە گەیشتوون. کورد کوردە و خەڵکی کوردستانە. هەرچی عیراقییشە یا ئێرانی، ئەوا عەرەب و فارس و هەندێک تورکمان و فەلە و مەندائی و...ئەوانە دەگرێتەوە، کە لە نێو ئێران و عیراقدا دەژین، نەک لە سەر خاکی کوردستان. پێش هەر شتێک بووش نێوی کوردی نەبردووە و وا گریمان نێوی کوردیشی برد، ئیدی ئەم هەڵلا و بەزمەی بۆ چییە و بۆچی هێندە گەورە دەکرێتەوە و چما دەکرێتە یەکەم هەواڵ و بۆچی مرۆڤی کورد بەوە دڵخۆش و کەیفساز بێت، کە بووش نێوی بردووە!. بووشێک، ئەگەر جیهان بکەیتە دە"10" بەشەوە، نۆ"9" بەشی و ڕەنگە پتریش خۆشیان ناوێت و ڕقیان لێی دەبێتەوە و بە خراپی دەزانن و حەزیان بە سیاسەتەکەی نییە، بۆچی میدیای کورد، هێندە لەبەرچاوی خەڵکی کورد خۆشەویستی دەکات و دەیرازێننەوە و ئارایشتی دەکات!. دوای ئەوەش ئەمە کەی ڕاستە میدیای کورد، خەڵکی کورد چەواشە بکات و هەواڵی ناڕاست دەرخواردی گوێ و چاو و مێشکی بدات!. جاران و ساڵانێکی پێشتر من بۆ خۆم خەڵکی کوردم دیتووە، تەنانەت خەڵکانی سیاسەتکار و خاوەن پایە، گوتوویەتی لە هەر شوێن و جێگەیەک نێوی کورد بهێنرێت باشە، ئەگەر جنێو و قسەی ناشیرینیشی پێ بگوترێت. ئەو کەسانە پێیانوابووە بەو ناوهێنانە، هەرچەندە بە خراپەش بێت، نێوی کورد دەکەوێتە نێوانەوە و قازانج و سوودێک بە پرسی کورد دەگات، بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە! من دەزانم هەردوو کوردستان تیڤی و خەبات، میدیاگەلێکی حیزبین و دەنگی حیزبن و دەربڕی بیروڕای حیزبن، بەڵام پێشموانییە مرۆڤی کورد هێندە سافیلکە و زەینکوێر بێت، کە هەروا و بە ئاسانی کڵاو بنرێتە سەری و بخەڵەتێنرێ و هەواڵێکی درۆی لێ بکرێ بە ڕاست. ئێستا کاتی ئەوەیە میدیای کورد بیسەلمێنێت، کە بە کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان، پەیوەست و پابەندە و دڵسۆزی مرۆڤی کوردستانە و هیچ درشت و وردێک لە خەڵکی کوردستان ناشارێتەوە و تەواوی ڕاستییەکان و وەک خۆیان پێشانی خەڵک دەدات و دەنگی خەڵکە، نەک تەنێ دەنگی حیزب. ئێستا کاتی ئەوەیە، کە ئیدی میدیای کورد بیری عیراقییەتی، ئێرانییەتی، تورکیایەتی و سووریایەتی، لە مێشکی خەڵکی کورد بسڕێتەوە و خەڵکی کورد بە بیری کوردبوون و

**کوردستانیەتیی باربهێنێ و فێرکات. ئەوەی ماوە بیڵێم ئەوەیە، ئەگەر بووش ناوی کورد بهێنێت یا نە، چی لە ڕەوشی هەژاران و کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان و قوربانیانی هەڵەبجە و کوردانی فەیلی و بێدەسەڵاتانی کورد بە تایبەت و کورد بە گشتی دەگۆڕێت!.**

2005/3/18